# کیمیایی بارانکردنی کوردەکان*

***ن: نیگیل کاوسۆرن***

***و: صباح حسین***

کوردەکان گەورەترین گرووپی نەژادین لە جیهان دا، کە نیشتمانێکیان نییە. ئەوان دابەشکراون بەسەر ڕۆژهەلاتی تورکیا، باکوری عێراق‌و ڕۆژئاوای ئێران. بەلام ئەوان هەرگیز بەئەندازەی (صدام حسین) هەستی خوێنمژیی دوژمنکارانەیان نییە، وە کاتێك کە شەڕی عێراق-ئێران لە سالی 1980 هەلگیرسا، کوردەکان وایان هەست کرد کە ئەتوانن ئەو جەنگە لە بەرژەوەندیی خۆیان دا بەکاربهێنن.

لە سالی 1988، کوردەکان هێزێکی پێشمەرگەیان بە ژمارەی 60,000 کەسیی هەبوو، وە کۆنترۆلی هەرێمێکی 4000 مایل دوجایان کردبوو، ئەمەش کەمێك سەرئێشەی بۆ صدام دروست کرد بوو. وەك دامرکاندنەوەیەك کوردەکان پێشمەرگەکانیان لە جەبهەکان دا دەگۆڕیی. هەر لە سەرەتای (1983)وە، صدام دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، گازی ماستەر، گازی ئەعصاب‌و سیانید، دژ بە ئێرانیەکان، هەروەها، لە ئەپریلی 1987 دا دەستی کرد بە بەکارهێنانی ئەم گازانە دژ بە کوردەکانیش.

یەکەم ناوچەیەك کە دەستی لێ وەشێنرا بالیسان بوو، گوندێکی گەورەی 250 مالیی‌و ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگەشتە 1750 کەس. بالیسان قوتابخانەیەکی سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و چوار مزگەوتی تێدا بوو.

لە کۆتایی نیوەڕۆی ڕۆژی 16 ئەپریل دا، کاتێك کە خەلکی بالیسان لە کێلگەکانیان ئەگەڕانەوە، نەرمە بارانێك ئەباری. خەریکی ئامادەکردنی خوانی ئێوارە بوون کاتێك گوێیان لە دەنگی نزیکبوونەوەی فڕۆکەکان بوو. هەندێکیان مالەکانیان جێنەهێشت، ئەوانی تر پەلەیان کرد لە دروستکردنی پەناگەیەکی کاتیی لە ترسی هێرشە ئاسمانیەکان.

ژمارەیەکی زۆری فڕۆکە دەرکەوتن، بە ئاسمان دا ئەسوڕانەوەو بۆمبیان بەر ئەدایەوە بەسەر بالیسان‌و شێخ وەسانان دا. شێخ وەسانان، گوندێکی بچووکی 150 مالیی بوو، لەوێوە ڕێگایەکی کورت بوو ڕووەو باکوری ڕوژهەلات.

کاتێك کە بۆمبەکان تەقینەوە دەنگێکی کپیان هەبوو. هەتا ئەو کاتەش هیچ حوکمەتێك چەکی کیمیایی لە دژی هاولاتیانی خۆی بەکارنەهێنابوو. لە کاسێتێکی ڤیدیۆیی جەیشی عێراقی خۆیان دا، لە ئەنجامی تەقینەوەکە هەورێکی سپیی فراوان‌و دوکەلێکی بۆرو مەیلەو پەمەیی پیشان ئەدات. کزەیەکی سارد لە شاخەکانەوە هەلیکردبوو، گازەکەی لەگەل خۆی ئەهێنا بۆ ناو گوندەکە. ڕزگاربووەکان یادەوەریی جیاوازیان هەبوو دەربارەی چۆنیەتی بۆنی گازەکە، هەندێکیان وتیان بۆنێکی خۆشی هەبوو، بۆنی گولە باخ، سێوو سیری بیر ئەخستنەوە، هەندێکی تریان وتیان بۆنێکی تیژی هەبوو وەك بۆنی دەرمانی مێروو کوژ.

ئافرەتێکی بەتەمەنی خەلکی بالیسان وای گێڕایەوە کە، هەموو شتێك ڕەش داگەڕان‌و گازەکەش وەك تەمێك وابوو. خەلکیی هەموو بیناییان لەدەست دا، هەندێك کەس ڕشانەوە، ڕوخسارەکان ڕەش داگەڕان، پیاوەکان هەستیان بە ئازارێکی زۆر ئەکرد لە ئەنجامی خڕ بوونی بنبالیان، ئافرەتەکانیش لە ژێر مەمکەکانیان دا. لە پەشاندا، کێمێکی زەرد لە چاوەکانیان هاتە دەرەوەو، ڕزگاربووەکان بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك بیناییان لە دەست دا.

لە شێخ وەسانان، ڕزگاربووەکان، ئافرەتێکیان بە منالەکەیەوە بینیووە کە بەلادا هاتووە، بەلام نازانن ئاخۆ گیانی لە دەستداوە یان نا. گوندییەکانی نزیك لە کارەساتەکە دەست بەجێ گیانین لە دەست دابوو. ئەوەنی تر هەلاتن ڕووەو شاخەکان‌و لەوێ گیانیان لە دەست دا، پەلاماری دووەم کاتژمێرێك دواتر بوو.

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر سەربازە عێراقیەکان ڕوشتنە ناو بالیسانەوە. دەستیان کرد بە ڕاوڕوتکردنی گوندییەکان، مالەکانیان چۆل کردن‌و تەختیان کردن لەگەل زەویەکەدا. ئەندازیارەکانی جەیشەکە، شێخ وەسانیان بە دینامیت تەقاندەوەو پاشان بە شۆفل تەختیان کرد.

ڕزگاربووەکان پێشوەخت هەڵاتبوون. دانیشتوانی (بێراو) تراکتۆریان هێنا بۆ گواستنەوەی خەڵکەکە بۆ کەمپێکی نیشتەجێبوون لە نزیك شاری (ڕانیە). لەوێ نزیکەی (50-60) کەسیان ناشت. دکتۆرێکی خەڵکی ناوچەکە برینداەکانی تیمار کردوو قەترەشی کردە چاوەکانیان، ئەمە کەمێك یارمەتیدان بۆ گەڕانەوەی بیناییان.

بۆ ڕۆژی دواتر، هێزەکانی ئەمنی عێراقیی بەدەرکەوتن، فەرمانیان دەرکرد کە هەر برینداڕێك لە نەخۆشخانەکەدا هەبوو ببرێت بۆ ئەو زیلانەی کە لە دەرەوەی نەخۆشخانەکە چاوەڕوانی ئەکرد بۆ ئەوەی بیانبەن بۆ هەولێر بۆ چارەسەرکردن، بەڵام بەمەرجێك چارەسەریان ئەکەن ئەبێ لە هەولێر بە دکتۆرەکان بڵێن کە لەلایەن فڕۆکە ئێرانییەکانەوە هێرشیان کراوەتەسەر. ئەوکات نزیکەی (200) کەسیان برد، کە (4) کەسیان لە ڕێگا گیانیان لەدەستدا.

هەتا گەشتنە هەولێر چاوی قوربانیەکان وشك هەڵاتن‌و بەتەواوی داخران. دکتۆرەکان دیسان قەترەیان کردە چاویان‌و برینەکانیانیان پاککردەوەو دەرزیەکی ئەتروپاینیان دا لە هەر یەکێکیان، کە دەرزیەکی بەهێزەو دژی گازی ئەعصابە.

لە هەولێر هۆکاری ڕاستەقینەی برینداربوونەکەیان باس نەکرا، دکتۆرو سستەرەکان ئەترسان‌و ناوبانگی خراپی ئەمنەکانیان بەباشی ئەزانی. مەیتخانەی نەخۆشخانەکە تەرمی قوربانیەکانی لە مەیتخانە سەرەکیەکەی شار شاردەوە، هەندێك لە قوربانیەکان ئاسەواری ئەوەیان پێوە دیار بوو کە تا مردوون لێیان دراوە، هەندێکی تریان وا دیاربوو کە ڕەمیی کرابن. لاشەکان ڕووتکرابوونەوە لە سەعاتی دەستیو ناسنامەو شتە تایبەتیەکانیان.

کارمەندەکانی مەیتخانەکە هەڕەشەی مەرگیان لێکرا کە نابێ پەیوەنیی بکەن بە خێزانی مردووەکان‌و ناوەکانیشیان بڵاوبکەنەوە. نەیانهێشت دەسکاریی لاشەکان بکەن‌و بڕوانامەی مردنیان بۆ دەربهێنن. هەندێ جار مەیتخانەکان هێند پڕ ئەبوون کە کارمەندەکان ناچار ئەبوون بە بیلدۆزەرێك گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ هەڵبکەنن. لەمەشدا ڕێگەیان نەدەدا کە کارمەندەکان لاشەکان بشۆن‌و ئامادەیان بکەن، وە لە کاتی ناشتندا نەیان دەهێشت ڕوویان بکەنە قیبلە وەك نەریتێکی ئاینی ئیسلام.

﴿سەگ هیچ شتێك نایبەستێتەوە بە ئیسلامەوە﴾، یەکێك لە فەرمانەدەکانی پۆلیسەکان وای وت. ئەمنەکان داخلی نەخۆشخانەکە بوون‌و ڕووی چەکەکانیان کردە دکتۆرەکان‌و فەرمانیان کرد بەسەریاندا کە لەفافی سەر برینی ڕزگاربووکان لابەن، وە ئەبێ بگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانەی سەربازیی. پاش گواستنەوەیان، کاتێك کە دکتۆرەکە تەلەفۆنی کرد بۆ نەخۆشخانە سەربازیەکە، تا بزانێت ئاخۆ نەخۆشەکان سەلامەتن، بەڵام پێی ڕاگەیەنرا کە نەبراون بۆ ئەوێ.

لە حیاتیدا، برابوون بۆ بارەگای گشتیی ئاسایشی ناوخۆ، بە جۆرێك کە لە سێ ڕۆژی دواتردا نزیکەی (64) تەرمی تریان ڕەوانەی مەیتخانەکە کران. کاتێك کە کارمەندەکانی مەیتخانەکە ڕۆشتن تەرمەکان بهێنن ڕزگاربووەکانی گازە کیمیاییەکەیان لەوێ بینی، کە لە بارێکی زۆر دڵ تەزێندا بوون. پاش ماوەیەك پیاوەکانیان لە پاسێکی داخراودا گواستەوە، وا گومان ئەکرێ کە ئیعدام کرابن. ئافرەت‌و زاڕۆکەکان بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە شەودا بە ئوتومبیل لە شار دوورخرانەوەو لە سەحرایەکدا جێهێڵران کە چەندین منالێ بە هۆی بێ جلو بەرگییەوە مردن. وا مەزەنە ئەکرێت لە بالیسان‌و شێخ وەسانان دا، نزیکەی (400) کەس لە ئەنجامی هێرشە کیمیاییەکەدا بووبێتنە قوربانیی.

کەمال، کوردێکی پێشمەرگە بوو، کاتێك کە هەواڵی هێرشەکەی سەر بالیسان‌و شێخ وەسانانی بیست بەپەلە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای خێزانەکەی، کە لە گوندێکی نزیك (بلەی سەرو) ئەژیان. کاتێك بۆی ئاشکرا بوو کە لە ئەشکەوتێکی شاخەکاندا خویان حەشارداوە، هەرچەندە کەش‌و هەوا زۆر سارد بوو، بەڵام هەرچۆنێك هەبوو ڕازیی کردن کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. لە کاتژمێر 6ی سەر لە بەیانی ڕۆژی 1987/3/27 دا، هاوسەرەکەی کەمالی خەبەرکردەوە تا ئاگادار بێت لەوەی کە گوندەکەیان هێرشی کراوتە سەر.

کەمال، وتی، ﴿ئێمە زانیمان ئەوە کیمیایی بوو﴾. لەبەر ئەوەی دەنگی تەقینەوەکان نزم بوون، بۆمبێکی زۆر تەقینەوە، من بە خانەوادەکەمم وت کە ئەوە هێرشی کیمیایی نەبوو. چونکە نەمویست بترسن، بەڵام خۆیان ئەیانزانی چی بوو. دەستبەجێ دەستمان کرد بە سوتاندنی ئەو گژو گیایەی کە بۆ ئالیکی ئاژەڵەکان هەڵمان گرتبوو، گڕێکی زۆر گەورەی

لێبەرز بووەوە. هەروەها جل‌وبەرگ‌و لەچکەکانمان تەڕکرد لە کانیەکاندا. باوکیشم لەو کاتەدا لەوێ بوو. هێرشەکە هێند بەهێز بوو توانای هەڵاتنمان نەبوو لە گوندەکە. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئاگرمان کردەوە. کانییەکی جیاوازی لێبوو بۆ ئافرەتان بەڵام من بە ئافرەت‌و پیاوەکانم وت کە هەموویان خۆیان فڕێ بدەنە ناو ئاوەکەوە. هێرشەکە درێژەی کێشا تا کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی هەمان ڕۆژ. دواتر براکەم نارد تا یارمەتی پزیشکیی بهێنێت، لە خۆرئاوا بووندا، بارودۆخەکە زۆر خراپتر بوو. چەندین کەس بیناییان لەدەستدا.

دوای خۆرئاوا بوون، لە جۆگەکە پەڕینەوەو ڕۆشتین بۆ ناو ناوچە بەردەڵانییەکانی دەرەوەی گوندەکە. هەموومان کاریگەریی کیمیاییەکەمان پێ گەشتبوو، تەندروستیشمان تا دەهات خراپتر دەبوو.

کێشەی بینینمان هەبوو، وە تەنگە نەفەسیش بووبووین. لوتمان نەزیفی کردبوو، بۆ ماوەیەکی کورتیش لە هۆش خۆ چووین. چەند کەسێکمان نارد بۆ گوندەکانی دەوروبەر بۆ هێنانی ئاو، ئامادەبووم هەرچی پارەیەك کە گوندییەکانی دەوروبەر داخوازی بن پێیان بدەم، بەمەرجێ بێن بە هانامانەوە بەڵام ئەوان ترسان. وایان هەست دەکرد کە کاریگەریی کیمیاییەکە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوانیش، بەڵام دانیشتوانی گوندی (قەندور) ئازا بوون هاتن‌و شیریان بۆ هێناین.

براکەی کەمال لە کاتی خۆیدا گەشتە بارەگای گشتیی هێزی پێشمەرگە بۆ یارمەتی، بەڵام لە کاتی هاتنیاندا بیناییان لە دەستداو بەلادا هاتن. خەڵکی گوندەکانی تر هەڵیان گرتنەوەو بە سواری ئەسپ بردنیان بۆ لای ڕزگاربووەکانی تر لە گوندی بلەی سەرو، کە لەوێ قەترەو دەرمان وەك چارەسەری درا پێیان. لەوێ دکتۆرێك گەشتە سەریان‌و پێشمەرگەش پارەی نارد هەتا ئەسپیان بۆ بکرن‌و بریندارەکان ڕەوانەی ئێران بکرێن. لەم کاتەدا، بەتایبەت، ئافرەتەکان لە بارێکی زۆر ناڕەحەتدا بوون، بە جۆرێك کە بە کەوچك خۆراك ئەکرا بە دەمیانەوە، مناڵەکانیش بە ناڕەحەتیی ئەیانتوانی هەناسە بدەن.

کەمال وتی، ڕۆشتین بۆ (مەلەکان)، کە جێگایەکی سارد تر بوو، وامان هەست کرد کە هەوای تازە یارمەتیدەر دەبێت بۆمان. پاشان گەشتینە (سێوەکە)، خەڵکی ئەو ناوچەیە ئاژەڵیان بەخێودەکرد، زۆر بەزەییان پێماندا هاتەوەو زۆر گریان بەسەرمانداو خۆراکیان داینێ. ڕۆژی دواتر ئەوێمان بەجێ هێشت بەرەو (وەرتێ). دەبوایە ڕوخسارمان داپۆشین چوونکە تیشکی هەتاوەکە ئازاری چاوی دەداین، وەك ئەوە وابوو دەرزیی بکرێت بە چاوەکانماندا.

دواجار ڕزگاربووەکان هەڵاتن بۆ ئێران‌و لەوێ چارەسەر کران.

دوا بە دوای هێرشە کیمیاییەکەی سەر دۆڵی بالیسان، سەربازە عێراقیەکان، بەلایەنی کەمەوە (703) گوندی کوردییان ڕوخاند، پاش چەند مانگێك نزیکەی (67) هێرشی کیمیایی تر ڕووی دا. بەداخەوە دڕندەترینیان لە 1988/3/16 دا ڕووی دا، لە هەڵەبجە، کە شارێکی پڕ دانیشتوانی نزیکەی (40-60) هەزار کەسیی. شارەکە پڕ بووبوو لە خەڵکی ئاوارە، سەربازە عێراقییەکان تا ئەو کاتە دوو بەشی شارەکەیان ڕوخاند بوو، واتە تا مانگی پێنجی 1987. لە ناوچەی کەنار شەڕەکانەوە دەستیان پێکرد، هەرچی گوندەکانی نێوان هەڵەبجەو سنوری ئێران هەبوو، هەموویان چۆڵ کردو دانیشتوانەکانیشیان لە کەمپەکانی دەوروبەری شارەکەدا نیشتەجێ کرد.

لە 3/13 دا سێ ڕۆژ بوو شارەکە لە ژێر بۆردوومانی ئێراندا بوو، جەیشی عێراقیی پاشەکشەیان کرد بوو، شارەکەیان چوڵ کرد هەتا 3/15. ڕژێمی عێراق پێویست بوو دەست بگرێتەوە بەسەر شارەکەدا، بەڵام ئەمەش کارەساتێکی تری بە دواوە بوو، ئێرانیەکان‌و کوردە عێراقیەکان دەسەڵاتیان بەسەر شارەکەدا گرتبوو.

تۆڵەسەندنەوە لە بەیانی ڕۆژی دواتر دەستی پێکرد، لە سەرەتادا، شارەکە درایە بەر تۆپ‌و هێرشی ئاسمانیی. دوا بە دوای ئەمەش فسفۆڕی سوتێنەر‌و ناپاڵم دەستی پێکرد. فڕۆکەکان هێند نزم بوون، کە خەڵکەکە بە ئاسانی ئەیانتوانیی هێما عێراقیەکان ببینن. لە نزیکەی کاتژمێر 2ی پاش نیوەڕۆ تاکە فڕۆکەیەکی بۆمب تەقێن دەرکەوت. چەندین بۆمبی هاویشت کە دوکەڵێکی زەردو سپیی بەناو شاردا بڵاوکردەوە، کە پێکهاتبوو لە هەردوو گازی سیانیدو ماستەر.

نزیك كاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ، ئەو خەڵكەی كە لە ترسی هێرشە ئاسمانییەكان لە حەشارگەكاندا خۆیان شاردبووەوە، هەستیان بە بۆنێكی نائاسایی كرد، وەك بۆنی سێوی شیرین، عەتر، خەیار، وە بەگوێرەی قسەی شایەد حاڵێك، بۆنەكە وەك (ژەهری مار) وابووە. ژڵەژانێكی كتوپڕ هەستی پێكرا، خەڵكەكە هەوڵیان دا درزو كەلەبەری دەرگای حەشارگەكان بە خاولییە كۆن بگرن، هاوكات هەندێكی تریان پارچە جلو بەرگی تەڕیان دابوو بەسەر ڕۆخساریان داو ئەوانی تر ئاگریان كردبووەوە.

كاتێك دنیا تاریك داهات، خەڵكیی لە حەشارگەكان هاتنە دەرەوە. كارەبای گڵۆپەكانی سەرشەقامەكان بەهۆی هێرشەكەوە پچڕابوون، لە زەردەپەڕ دا، ئەو كەسانەی كە لە پڕ لە حەشارگەكان ئەهاتنە دەرەوە دیمەنی ترسناك ترسناكیان بینیی. لاشەی مردوو -بە مرۆڤو ئاژەڵەوە- لەسەر شەقامەكان، لە ڕاڕەوی دەرگاكاندا بەسەر یەكداو لە ناو ئۆتومیلەكاندا بەسەر سوكانەكاندا كەوتبوون. ڕزگاربووەكانیش پێش ئەوەی بەلادا بێن بەدەم پێكەنینێكی ترسناكەوە لەو ناوەدا دەسوڕانەوە. تانها كەسانێك كە لە سەر شەقامەكانی شاری هەڵەبجە بە سەلامەتی دەرچوون، سەربازە ئێرانییەكان بوون كە دەمامكو جلو بەرگی دژی گازە كیمیاییەكەیان پۆشیی بوو.

هەندێ لە قوربانیەكان لە دەرەوەی شار تووش هاتن، وا هەستیان كرد كە چاوەكانیان بە توندیی دەرزییان پێدا بكرێت، میزیشیان تێكەڵ بوو بوو لەگەڵ خوێن. هەرچۆنێك هەبوو بەرێكەوتن ڕووەو سنوری ئێران، بارانێكی بەهێز قوڕاوێكی زۆری دروست كردبوو، زۆرێك لە قوربانییەكان پێخواس بوون، ئەو منالآنەی كە لە ڕێگا دەمردن خاوەنەكانیان دەست بەرداریان دەبوون. هەزاران پەنابەر لە گوندێكی كاول بووی سنوری عێراق دا كۆبووبوونەوە، دكتۆرە ئێرانیەكان ڕۆشتبوون بە هانایانەوەو دەرزیی ئەترۆپاینیان لێدابوون، پێش ئەوەی بیان پەڕێننەوە بۆ سنوری ئێران.

بەلایەنی كەمەوە، لە ئەنجامی هێرشە كیمیاییەكە بۆ سەر هەڵەبجە، پێنج هەزار كەس بوون بە قوربانی، كاتێك كە سەربازە عێراقییەكان جارێكی تر دەستیان گرتەوە بەسەر شارەكە دا، هەر شتێك كە مابووەوە لەگەڵ سەیدسادقی دراوسێ شاریشیاندا بە دینامیت تەقاندیانەوە. وە تەرمی قوربانیەكانیشیان لەسەر شەقامەكان جێهێشت تا بۆگەن بكەن.

* لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ هەندێك لە زانیاریەكانی ئەم نووسینەدا نین چونكە نوسەر ڕاستەخۆ لەناو ڕوداوەكاندا نەبووە بەڵكو زانیاریەكانی لەڕێگەی شایەد حاڵەكانەوە وەرگرتووەو نووسیویەتییەوە. بەڵام وەك خۆی وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی بەو مەبەستەی كە دەستكاریی نووسینەكە نەكەین.

**The World’s Worst Atrocities.**
**Nigel Cawthorne**
**ISBN. 0-75370-090-5**
**Page: 164-169**
**Chancellor Press**